KOYA UNIVERSITY

پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە



کۆبەرهەمی بڵاونەکراوەی
تاهیر ئەحمەد حەویزی

شەوچەرە - بەرگی یەکەم

40518

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب : شەوچەرە . بەرگی یەکەم
نووسەر: تاهیر ئەحمەد حەوێزی
بابەت : ئەدەبی فۆلکلۆر
پیداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی: پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی
پێتچنین: شیاو سەرتیپ تاهیر جەڕاح
دیزاینی ناوەڕۆک: باوکی دارین
دیزاینی بەرگ: ڕێبەر سەرتیپ تاهیر جەڕاح
نۆبەتی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: کوردستان . هەولێر . کۆیە
چاپخانە : سەنتەری لاس . کۆیە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢١١٩)ـی ساڵی (٢٠٢٠)ـی پێ دراوە.

لێژنەی سەرپەرشتی چاپ: پ.ی. د. حەیدەر لەشکری، پ.ی.د.لوقمان وسو عمر، پ.ی.د. دەریا حەوێزی، هۆگر رسول أحمد، ڕێبەر سەرتیپ.

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە . ژمارە (٢٣)
پاشکۆی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە

سەرنج: زانکۆی کۆیە دەستنووسەکانی مامۆستای مێژوونووس وەك خۆی چاپ دەکات، زانکۆ بەرپرس نییە لەناوەڕۆکی کتێبەکان.

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لەسەرەتای دەست بەکاربوونماوە لەسەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە هەوڵماندراوە زانکۆ زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی و کۆیەو وراتی کۆیە بەتایبەتی ببەستینەوە، هەر بەمەۆیەوە چەندین کۆڕو سیمینارو وەرۆکشۆپ و کۆنفڕاسی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیمان لەمبوارەدا ئەنجامداوە، یەکێک لەکۆنفڕاسەکان بریتی بوو لە (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا)، لە ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنفڕاسەدا پێشنیارکرابوو کەوا (ئینسایکلۆپیدیای کۆیە) لەلایەن زانکۆی کۆیەوە ئامادەبکرێ. ئێمەش ئەم پێشنیارەمان بەهەند وەرگرت و لیژنەیەکی بالامان پێکهێنا لەکەسانی ڕووناکبیرو شارەزاو کەسانی ئەکادیمی، لە (یەکەمین) کۆبوونەوەی لیژنەکەدا ئاماژە بەوە کرا کە مامۆستای مێژوونوسی کۆیە (م.تاهیر ئەحمەد حەوێزی) کۆمەڵێک دەستنووسی لەپاش مەرگی بەجێماوە کە سەرچاوەی گرنگن بۆ (مێژوو، بەسەرهات، زمانەوانی، فۆلکلۆر) سەبارەت بەشاری کۆیەو دەوروبەری، ئەوەبوو لەلایەن لیژنەوە (د.دەریا جەمال حەوێزی) وەک ئەندامی لیژنەکە ڕاسپێردرا کەوا سۆراغی ئەو دەستووسانە بکات لای خزمانی حەوێزی و کۆیان بکاتەوە، بەڵکو لەسەر ئەرکی زانکۆ چاپ و بڵاوبکرێتەوە، دوای ئەوەی بنەماڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو دەستنووسەکانیان پێشکەش بەزانکۆ کرد، لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بەپێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٣٦٠٨/١٢/٧) لە ٢٠١٩/٨/١ لیژنەیەک بۆ چاپکردنی دەستنووسەکان

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێکهات و کارەکانی تایبەت بەتایپکردن و ڕێکخستنی دەستنووسەکان کەوتنە سەر ڕێچکەی خۆیان، خۆشحاڵین ئەمڕۆ توانراوە هەشت کتێبی لێ بەرهەم بێت.

مامۆستا تاهیر حەوێزی لەتۆمارەکانی خۆیدا ئاماژە بەو بەرهەمانەی دەکات کەوا وەک دەستنووس ماوەتەوە، دوای هەوڵ و بەدواداچوون بەشێکی زۆری ئەم دەستنووسانەمان دەستکەوتووە، بەڵام تا ئێستاش بەشێکی نەکەوتە دەستمان، دەکرێ بەسەر سێ کۆمەڵەدا دابەشیان بکەین:

یەکەم: هەندێ ناونیشان هەیە مامۆستا تاهیر ئاماژەی پێکردووە کە گوایە بەرهەمی چاپ نەکراون، بەڵام نەگەیشتە دەست زانکۆ، خۆزگە ئەگەر لای یەکێک لەخزم و کەس و ناسیارانی ماوە، پێشکەش بە زانکۆی کۆیەی دەکرد، بەڵکو بڵاودەکرایەوەو لەفەوتان دەپارێزان: کەئەوانیش بریتین لە: ١. وردەکاری زمانی کوردی. ٢. جەمیل ئاغای حەوێزی. ٣. یاداشتەکانی ڕۆژانی ژیانم. ٤. شوێنەوارو ئاسەوارەکانی کۆیە. ٥. بزووتنەوەی نواندن و شانۆگەری لە کۆیە.

دووەم:هەندێ بەرهەم هەیە ئاماژەی پێکردووەو گەیشتە دەست لێژنەکە، بەڵام دیارە کێشەکانی ژیان و دواتریش مەرگ ڕێگەی پێنەداوە ئەم بەرهەمانە وەک ئەوانەی تر پاکنووس بکات، بۆیە تەنها وەک کۆمەڵێک لاپەڕەی پارچە پارچەو پۆلێن نەکراو ماون و نەتواندرا لەکاتی ئێستادا بیانکەین بەکتێبێکی شیاو، کە بریتین لە: ١.مێژووی تەواوی

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناتەواو. ٢. مێژووی کۆیە. بەرگی دووەم بەشی دووەم. ٣. دیدارو چاوپێکەوتنەکانم.

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی ئێستا لەبەردەست ئێمەدان و ئامادەن بۆ چاپ بریتین لە:

١.شەوچەرە . بەرگی یەکەم. ٢. شەوچەرە . بەرگی دووەم.

٣. شەوچەرە . بەرگی سێیەم. ٤. یاری کوردەواری. ٥.پەندو مەتەڵی کوردی. ٦. پیشەسازی لە کۆیەو هەندێ زاراوەی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندە. ٧. ئاوێنە ـ بنەماڵەکانی کۆیە. ٨ ئەمین ئاغای حەوێزی. ئەختەر.

ئەو ٨ بەرهەمە وەک خۆی چاپ و بڵاوەکەینەوە، ئەوەش وەک خاڵی دەستپێک بۆ ئەو پڕۆژەی گەورەیەی کە زانکۆی کۆیە لەئەستۆی گرتووە کە ئەویش (ئینسایکلۆپیدیای کۆیە).

هیوادارین بڵاوبوونەوەی ئەم کۆبەرهەمە ببێتە سەرچاوەی بەسوود بۆ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ئەکادیمی و زانستی مەزن سەبارەت بە کۆیەو دەوروبەری و کارو بەرهەمی فراوانتری بەدوادابێت.

سوپاس

پ.د.وەلی مەحمود حەمەد

سەرۆکی زانکۆی کۆیە

و سەرۆکی لێژنەی باڵای

ئینسایکلۆپیدیای کۆیە

٢٠٢٠/١١/١

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

سەرنج:

لە کۆتایی سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەرگی یەکەمی شەوچەرە، بەیارمەتی وەزارەتی کاروباری ژوورو، لەچاپخانەی (دار السلام) بەغداد، وەک چاپی یەکەم، چاپ کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو ماوە مێژووییە زۆرەی بەسەر ئەم چاپەدا ڕۆیشتووە، لای خوێنەری کورد نەماوە، بۆیە لێژنەی سەرپەرشتیکردنی چاپی ئەم کۆبەرهەمە، بەڕەزامەندی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، بە پێویستی زانی کەوا بەرگی یەکەمی شەوچەرەش لەپاڵ بەرگی دووەم و سێیەم چاپ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو بەرگەکانی شەوچەرە بەیەکەوە لەبەردەست خوێنەردا بن، بەهیواین کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

بەپێویستمان زانی خوێنەران لەم خاڵە ئاگادارین.

لەگەڵ ڕێزدا ...

دەریا حەویزی

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ئەم کۆ بەرهەمە پاشکۆی پڕۆژەی
(ئینسایکلۆپیدیای کوێیە)یە، کە زانکۆی کۆیە
وەک ئەرکی سەرشانی، بۆ ناساندنی
(مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب، هونەر، زمان.... هتد)ی
وراتی کۆیە، لە ئەستۆی گرتووە.
مامۆستای خوالێخۆشبوو تاهیر ئەحمەد حەوێزی
سالانێکی زۆری تەمەنی بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی
بەسەرهات و فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە بەسەربردووە.
بەشێک لەو بەرهەمانەی وەک دەستنووس لای ڕۆڵەکانی
پارێزراوبوون، زانکۆی کۆیە بە پێویستی زانی بیانکات
بە پاشکۆیەک بۆ (ئینسایکلۆپیدیای کۆیە).

لیژنەی ئینسایکلۆپیدیای
کۆیە

9 789922 924830

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library